**به نــاوى خــواى به‌خشــنده‌و ميهره‌بــان**
**به نــاوى گه‌لـــه‌وه**
**ئه‌نجـومه‌نى نيشتمانيى كوردســـتان ـ عيـّـراق**
**ژماره‌ى ده‌رهيـّـنـــان : ٥**
**رۆژى ده‌رهيـّـنـــان : ٢٠٠٢/٤/٢٥**

پـشت بـه حوكمـه‌كانى برگـه (١)ى مـادده‌ى (٥٦) و مـادده‌ى (٥٣) لـه ياسـاى ژمـاره (١)ى هه‌مـــواركـــراوى سالى (١٩٩٢)و ، له‌سه‌ر داواى ئه‌نجـــومه‌نى وه‌زيران و ئـه‌و ياساكارييه‌ش كـــه ئه‌نـــجـومه‌نى نيـشتمانيى كوردستانى ــ عيـّراق لـه دانيـشتنى ئاسـايى ژمـاره (١١)ى رۆژى (٢٠٠٢/٤/٢٤) يــدا ئه‌نجــامى داوه‌و ، به پيّى ئه‌و ده‌ســـه‌لاته‌ش كه برگه (٣)ى مـادده‌ى دووه‌مـى ياســـاى ژمـــاره (١٠)ى ســـالى ١٩٩٧ پيمـانى داوه ، برِيـارى ده‌رهيـنـانى ئـه‌م ياسـايـه‌ى خواره‌وه‌مان دا:

**ياسـاى ژمــاره ( ٥ )ى ســـالى ٢٠٠٢**
**ياساى يه‌كــه‌م هه‌مواركـردنى ياساى ژمـاره ( ١٨ )ى سالى ( ١٩٩٩ )ى**
**ســنـدوقى خانــه‌نشينى پاريـّـزه‌رانى هه‌ريمى كـوردستانى ــ عيـّــراق**

**مادده‌ى يه‌كـه‌م :**

مادده‌ى (٣) له ياساكه پووچه‌ل ده‌كريته‌وه و ئه‌مه‌ى خواره‌وه له جيگاى داده‌نرىّ :

١. ده‌سـته‌ى سـندوق لـه سـىّ ئه‌نـدامى ئه‌سـلى و سـىّ ئه‌نـدامى يـه‌ده‌گ پيـك ديـت . ئه‌وانـه نوينـه‌رايه‌تى هه‌ريه‌ك له وه‌زاره‌تى داد و وه‌زاره‌تى دارايى و ئابوورى و سـه‌نديكاى پـاريزه‌ران ده‌كه‌ن .
٢. نوينه‌رى وه‌زاره‌تى داد سه‌رۆكايه‌تى ده‌سته‌كه ده‌كاو ، لـه بـه‌رده‌م دادگاكـان و دايـه‌ره‌كانى ديكه‌دا نوينه‌رايه‌تى سندوقه‌كه‌ش ده‌كات .
٣. وه‌زاره‌تـى داد ئه‌نـدامى ئه‌سـلى و ئه‌نـدامى يـه‌ده‌گ لـه دادوه‌ره پلـه يه‌كـه‌كان ده‌پـاليوىّ. وه‌زاره‌تى دارايى و ئابووريش ئه‌ندامى يه‌ده‌گ له‌و فرمانبه‌رانه‌ى خۆى هه‌لده‌بژيرىّ كه پله‌يان له پله‌ى به‌ريوه‌بـه‌ر كـه‌متر نييـه‌و ، سـه‌نديكاى پـاريزه‌رانيش ئه‌نـدامى ئه‌سلى‌و يـه‌ده‌گ لـه پاريزه‌ره راويژكاره‌كان ده‌پاليوىّ .
٤. وه‌زاره‌تى دارايى و ئابوورى ئه‌ندامه ناوبراوه‌كانى ده‌سته‌كه كه له برگه (٣)ى ئه‌م مادده‌يه‌دا هاتووه ، بۆ ماوه‌ى ساليك داده‌مه‌زرينىّ و تازه‌كردنه‌وه‌شيان له باردا هه‌يه .

**مادده‌ى دووه‌م :**

برگه (٣) له مادده‌ى (٥)ى ياساكه هه‌موار ده‌كرىّ‌و ، به‌م شيوه‌يه‌ى خواره‌وه ده‌خوينريته‌وه :

٣. (١٥٪) ىّ ئـه‌و مزوكرييـه‌ى بـه پـاريزه‌ر ده‌درىّ لـه‌و ده‌عوايانـه‌دا كـه ليژنـه‌ى به‌شـكردنى ده‌عواكان به پيى ياساى پاريزه‌رايه‌تى پيى ده‌سپيرىّ .

ئـــــه‌رشيفى رۆژنامه‌ى وه‌قايعى كــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سێیەم :**

برگـە (١) لـە (دووەم)ی مـاددەی شەشـی یاسـاکە پووچـەڵ دەکرێتـەوە و ئەمـەی خـوارەوە لـە جێگای دادەنرێ :

**یەکـەم :** ئابوونـەی بەشـداربوونی سـاڵانە لـە پـارێزەران بـە پێـی مـاوەی تۆمارکردنەکـەیان بـەم شێوەیەی خوارەوە وەردەگیرێ :

أ. (١٥٠) سەد و پەنجا دینار ئەگەر (٣) سێ ساڵ بەسەر تۆمارکردنەکەیدا تێنەپەڕیبێ .
ب. (٢٠٠) دوو سەد دینار ئەگەر (٣) سێ ساڵ بەسەر تۆمارکردنەکەیدا تێپەڕیبێ .
ج. (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا دینار ئەگەر پێنج ساڵ بەسەر تۆمارکردنیدا تێپەڕیبێ .
د. (٣٠٠) سێ سەد دینار ئەگەر دە ساڵ بەسەر تۆمارکردنیدا تێپەڕیبێ .
هـ. (٣٥٠) سێ سەد و پەنجا دینار ئەگەر پازدە ساڵ بەسەر تۆمارکردنیدا تێپەڕیبێ .
و. (٤٠٠) چوار سەد دینار ئەگەر بیست ساڵ بەسەر تۆمارکردنیدا تێپەڕیبێ .

- بەنـدی (سـێیەم) لـە مـاددەی شەشـەم هـەموار دەکـرێ و بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێنرێتەوە :

**دووەم :** پارێزەر ئابوونەی ساڵی پێشووی بەشداربوونی سندوق بـە یـەك جـار لـە مـاوەی مـانگی کانوونی دووەمی هەموو ساڵێکدا دەدات. خۆ ئەگـەر ، هـات و ، لـە کـات و وەختـی دواکـەوت و نەیدا ، ئەوە لەو بارەدا ڕێژەی (٥٠٪) لەسەدا پەنجای ئابوونـەی بەشـداربوونی سـاڵانەی لەسـەر زیاد دەکرێ .

- بەندی (حەوتەم) ی هەمان ماددە لە یاساکە هـەموار دەکرێـو بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دادڕێژرێتەوە :

**سـێیـەم :** پێویستە لەسـەر دایـەرە ڕەسمییـەکان و شەخـسە مەعنەوییـەکان ڕێـژەی بڕیـاردراوی یاسایی لە مزوکرێی پارێزەر دابشکێنن و یەکسەر هەواڵەی سندوقەکەی بکەن .

**ماددەی چـوارەم :**

ماددەی (٢١) لە یاساکە هەمواردەکرێو ئەمەی خوارەوە لە جێگای دادەنرێ .

بەدەر لە حوکمەکانی ماددەگەلی رابردوو ، دەستە ئەمانەی خوارەوەش دەدات :

١. مووچەی مانگانە کە لە (٥٠٠) دینار کەمتر نەبێ بۆ خاوخێزانی ئەو پارێزەرانەی کە بـە هـۆی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردەوە شەهید بوون .
٢. مووچەی مانگانـە کـە لـە (٢٥٠) دوو سـەد و پـەنجا دینـار کـەمتر نـەبێ بـۆ خـاوخێزانی ئـەو پارێزەرانەی کە دوای دەست بەرداربوونی دەسەڵاتی مەرکـەزی لـە بـەڕێوەبردنی کوردسـتان واتا دوای ١٩٩١/١٠/٢٣ مردوون تا دەرچوونی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی (١٩٩٩)ی سندوقی خانەنشینی پارێزەران .

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان

**ماددەی پێنجـەم :**

www.mojkurdistan.com

ماددەی (٢٤) لە یاساکە پووچەڵ دەکرێتەوە .

**ماددەی شەشــەم :**

وەزارەتی داراییو ئابووری بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ساناکردنی بەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ .

**ماددەی حەوتەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار :

**ماددەی هەشتەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا ، دەخرێتە بەرکار .

**د. ڕۆژ نــوری شــاوەیس**
**ســەرۆکی ئەنجــومــەنی نیشــتمانیی کوردســتانی ـ عێــراق**

**هــۆکــارە زەرورەکانی یەکــەم هەمــوارکـــردنی یاسای ژمارە ( ١٨ )ی ساڵی ( ١٩٩٩ )ی سـندوقی خانــەنشینی پارێــزەرانی هەرێمی کــوردستانی ـــ عێــراق**

لەبــەر ئــەوەی دەقــەکانی یاســای ژمــارە (١٨)ی ســاڵی (١٩٩٩)ی ســندوقی خانەشــینیی پارێزەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامــەی ژمـارە (٥٧)ی ڕۆژی ١٩٩٥/١٢/٢١ی (پەرلەمان)دا خرا بووە بەرکار هەندێ حوکمی تێدا نەبوو کە ئەوە بوو لە مـاوەی کـار پێکردنیـدا هەسـتی پـێ کـرا ، لەبـەر ئـەوە پێویسـتی بـەوە بـوو کـە دووبـارە چـاوی پێدا بخشێنرێتەوە ، نەخاسمە هەندێ حوکمی تایبەت بە ماوەی ڕەفتەنی (الفترة الأنتقالية) سـندوقی خانەنشینی پارێزەران کە پێویست ناکات بمێننەوە ، جگـە لـەوەو ، لـە پێنـاوی بەرزکردنـەوەی سەویەی ژیاریو کۆمەلایەتیو تەندروستی و وەدیهێنانی زەمانـەتی خانەنـشینی پارێزەرانـدا لـە کـاتی ژیـانی خۆیـان و بـۆ خاوخێزانیـان پـاش مردنـی خۆیـان ، هــەروەهاش بـۆ ڕێزگـرتن لـەو پارێـــــزەرانەش کـە خـوێنی خۆیـان بـەخت کـرد و لـە پێنـاوی بزاڤـی ڕزگـاریخوازی کـوردا شەهیدبوون و ، بۆ بەهێزکردنی توانستی سندوقی خانەنشینیی پارێزەران و کاراتر کردنـی ڕۆڵـی سندوقەکەو ، تا وەزارەتـی دادیـش لـە ڕێکخـستنی دەسـتەی سـندوقەکەدا ڕۆڵـی خـۆی ببینێـو ئەرکی سەرۆکایەتیی دەستەکە بە دادوەری پلەی یەکەم بسپێرێ ، لەبەر ئەوانە پێویست وابوو ئەم یاساکارییە ئەنجام بدرێت .

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com